# نەتەوە چییە؟ بەشی یەکەم

**ئێرنێست ڕێنان**

**کۆنفڕانسی سۆربۆن، ١١/٣/١٨٨٢**

**وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە:** پێنووس 2019 ,03 ,28

پێشنیاری تاوتوێکردنی بیرۆکەیەکەتان لەگەڵدا دەکەم؛ ئەم بیرۆکەیە لە ڕواڵەتدا ڕوونە، بەڵام تێنەگەیشتنێکی مەترسیداریش هەڵدەگرێ. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چەندین جۆر و شێوەی لەخۆ گرتووە: هەندێکیان جێنشینێکی مەزنی مرۆیین وەکوو چین، میسر، بابیلۆنی کۆن؛ هەندێکیان هۆز و تیرەن وەکوو عیبرییەکان و عەرەبەکان؛ هەندێکیان شارنشینن وەکوو ئەتینا و سپارتا؛ هەندێکیان کۆکەرەوەی چەندین نیشتمانن وەکوو ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینژییەکان[1]؛ هەندێکیان کۆمەڵگەی بێنیشتمانن و پەیوەندییەکی ئایینی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە وەکوو ئیسرائیلییەکان و پارسییەکان[2]؛ هەندێکیان نەتەوەن وەکوو فەڕەنسا، ئینگلتەرا و زۆربەی ناوچە ئۆتۆنۆمییە هاوچەرخەکانی ئەوروپا؛ هەندێکیان کۆنفیدراڵین وەکوو سویسرا و ئەمریکا؛ هەندێکیان خزمایەتییەکیان لە ڕەچەڵەک و بەتایبەتی لە زماندا هەیە، وەکوو لقوپۆپە جیاوازەکانی ئەڵمان و لقوپۆپە جیاوازەکانی سلاڤ؛ ئەمانە چەندین شێوازی جیاوازی کۆمەڵگەن کە ئێستا هەن یان پێشتر هەبوون؛ زۆر جار ئەم گرووپانەمان لێ تێکەڵ دەبێت بەڵام کێشەیەکی زۆر مەترسیدار نییە.

لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا، لەو باوەڕەدا بووین ڕێکخستنەکانی شارە بچووکە سەربەخۆکان، وەکوو سپارتا و ڕۆما، لەسەر ئێمەیش جێبەجێ دەکرێت؛ ئێمەی نەتەوە کە خاوەنی سی بۆ چل ملیۆن ڕۆحلەبەرین. ئێستا، هەڵەی گەورەتر ئەنجام دەدەین: ڕەچەڵەک و نەتەوە تێکەڵ دەکەین؛ هەندێك گرووپی خاوەنی ڕەچەڵەکێك یان خاوەنی زمانێك، هەمان سەروەریی گەلێکی ڕاستەقینەیان دەدەینێ. هەوڵ دەدەین سەبارەت بەم پرسیارە قورسانە، بگەین بە ئەنجامێکی ورد. هەر لە سەرەتاوە واتای وشەکان هەمووی تێکەڵ بووە، کە ئەمەیش بەرهەمی هەڵەی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەی ئێمە دەیکەین زۆر وردە؛ وەکوو توێکاریکردنی لاشەیەکی زیندووە؛ مامەڵە لەگەڵ زیندووێك دەکەین هەروەک چۆن مامەڵە لەگەڵ مردووێك دەکەین. ئێمە بەوپەڕی بێسۆزی و بێلایەنییەوە باسی دەکەین.

**یەکەم**

لە دوای کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەکان، یان باشتر بڵێین، لە دوای پارچەپارچەبوونی ئیمپراتۆرییەتی شارلمانی، وا هەست دەکەین ئەوروپای ڕۆژاوا بەسەر چەند نەتەوەیەکدا دابەش بووە؛ هەندێکیان لە چەند سەردەمێکدا هێژموونی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا دەسەپاند، بەڵام قەت بۆ ماوەیەکی درێژ سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. ئەوانەی شارلی پێنج، لویزی چواردە و ناپلیۆنی یەکەم ئەنجامیان دا، لەوانەیە قەت لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوە. بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆرییەتێکی نوێی ڕۆمان یان شارلمان، مەحاڵە. جیاوازییەکانی ئەوروپا زۆر گەورەن، هەروەها هەوڵە جهانییەکان بۆ دروستکردنی هێژموون، نەبوونە پاڵنەرێك بۆ هاوپەیمانییەك کە نەتەوەکان کۆ بکاتەوە. بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ جۆرە هاوسەنگییەك ڕاگیراوە. فەڕەنسا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا و ڕووسیا دوای چەندین سەدەی تر هەر دەمێننەوە؛ هەرچەندە بە

چەندین ڕووداو و کەسایەتیی مێژوویی‌دا تێ پەڕیون. مێژووی ئەم یان ئیمپراتۆرییەتانە وەکوو خانەکانی شەتڕەنج و دامە وان؛ خانەی گرنگ و مەزنی جۆربەجۆری تێدایە، بەڵام خانەکان لەیەك ناچن.

نەتەوەی لەم شێوەیە، لە مێژوودا تا ڕاددەیەك نوێن. مێژووی کۆن ئەم جۆرە نەتەوەی بەخۆیەوە نەدیوە؛ میسر، چین، کلدییە کۆنەکان بە نەتەوە دانەدەنران. چەند پۆلێك بوون لە لایەن کوڕی ڕۆژ یان کوڕی ئاسمان بەڕێوە دەبردران. هاووڵاتیی میسری نەبووە؛ هاووڵاتیی چینییش نەبووە. کۆمارەکان، پاشای ناوچەیی، کۆنفیدراڵیی کۆمارە لۆکاڵییەکان و ئیمپراتۆرەکان لە مێژووی کۆندا هەبوون، بەڵام نەتەوە بەو مانایەی لێی تێ دەگەین، زۆر کەم بوو. ئەتینا، سپارتا، سەیدا و سوور[3] ناوەندێکی بچووکی نیشتمانیی دڵگیرن؛ بەڵام ئەمانە شارن و خاکێکی تا ڕاددەیەك سنوورداریان هەیە. گۆل[4] ئیسپانیا، ئیتاڵیا، پێش ئەوەی بچنە پاڵ ئمیپراتۆرییەتی ڕۆمان، کۆمەڵە خەڵکێك بوون، زۆر شت کۆیانی دەکردەوە، بەڵام دامەزراوەیەکی ناوەندی یان پاشایەکیان نەبوو.

ئیمپراتۆرییەتی ئاشوورییەکان و فارسەکان و ئیمپراتۆرییەتی ئەسکەندەر، نیشتمانیان دروست نەکرد. هەرگیز هاووڵاتیی ئاشووری نەبووە؛ ئیمپراتۆرییەتی فارس، هەردەم فیۆداڵییەتێکی[5] بەرفراوان بووە. هیچ نەتەوەیەك ڕەچەڵەکی خۆی بە سەرکێشییەکانی ئەسکەندەر نەبەستۆتەوە، کە چەند ئەم ڕووداوانە دەرەنجامی گەورەیشی بۆ مێژووی گشتیی شارستانی هەبووە.
ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمان لەوە نزیك بووەوە، پێی بگوترێت نیشتمان. کارێکی باشیان کرد جەنگەکانیان ڕاگرت. هێژمووني ڕۆمانەکان، هەرچەندە پێشتر توند بوو، بەڵام دواتر هەر زوو کەوتە بەردڵان. کۆکەرەوەیەکی مەزن بوو؛ واتای فەرمانڕەوایی، ئاشتی و شارستانییەتی دەبەخشی. لە قۆناغە کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆییەتی ڕۆمانی، ڕۆحانییەکان، قەشە ڕووناکبیرەکان و خوێندەوارەکان هەستێکی ڕاستەقینەیان هەبوو کە دیاردەی "ئاشتیی ڕۆمانی" هەیە کە پێچەوانەی ئەو بەرەڵاییە هەڕەشەئامێزانەیە کە بەربەرییەکان تێیدا دەژین. بەڵام ئیمپراتۆرییەتێك کە دوازدە جار لە فەڕەنسای ئێستا گەورەتر بێت، نەیدەتوانی دەوڵەتێك بە چەمکە مۆدێرنەکەی دروست بکات. ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لەم ئیمپراتۆرییەتە جیا بوونەوە؛ جیابوونەوە، دەبوو هەر ڕووی دابا. هەوڵەکانی ئیمپراتۆرییەتی گۆلەکان (فەڕەنسای کۆن) لە سەدەی سێ، لە دانانی هاووڵاتینامەدا سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام داگیرکاریی ئەڵمانی بۆ یەکەم جار لە جیهاندا ئەم بنەمایەی دروست کرد و، دواتر ناوی لێ نرا هاووڵاتینامە.

ئاخۆ گەلە ئەڵمانییەکان دوای داگیرکارییە گەورەکەیان لە سەدەی پێنجەوە تاوەکوو گەیشتنی نۆرمەندییەکان لە سەدەی دەیەم، چییان کرد؟ هەندێك ڕەچەڵەکی خۆیان گۆڕی؛ بەڵام ئەڵمانییەکان فەرمانڕەوایەتییەکی پاشایی و ئەریستۆکراتییەکی سەربازییان تا ڕاددەیەك بەسەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژاوای کۆندا سەپاند[6]؛ هەر ئەو داگیرکەرانە ناوی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژاوایان هەڵبژارد؛ هەر لەوانەوە فەڕەنسییەك، بورگۆندییەك، لۆمباردییەك و، دواتر نۆرماندییەك دروست بوو. ئەو باڵادەستییەی کە ئیمپراتۆرییەتی فرەنك هەیبوو، وای کرد کە ڕۆژاوا[7] یەک بگرێت؛ بەڵام ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆیەم تێک چوو. ڕێککەوتنی ڤێردون ئەو جیاکردنەوەی دروست کرد، کە وا دەزانرا هەرگیز ڕوو نادات؛ هەر لەو کاتەوە فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا بەرە بەرە و بە ڕێگەیەکی پێچاوپێچ و پڕ لە سەرکێشی، گەیشتن بە نیشتمانێك کە ئەمڕۆ بەو شێوەیە دەیبینین و هەر لە گەشەدان.

ئەرێ بەڕاست، ئەم دەوڵەتانە چ شتێ جیایان دەکاتەوە؟ ئەم دەوڵەتانە تواندنەوەی گەلە پێکهاتووەکانی

لەگەڵ یەکتر، جیایان دەکاتەوە. ئەو وڵاتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، زۆر جیاوازن لەگەڵ تورکیا[8]: تورکەکان، سلاڤەکان، یۆنانییەکان، ئەرمەنییەکان، عەرەبەکان و کوردەکان هەر بە جیاوازی ماونەتەوە؛ لە کاتی داگیرکردنیان جیاواز بوون و لە کاتی ئێستادا هەر زۆر جیاوازن[9].

**دوو هۆکاری سەرەکی لە** پشت ئەم وەڵام و دەرەنجامە هەیە:یەکەم، لەبەر ئەوەی گەلە ئەڵمانییەکان مەسیحییەتیان هەڵبژارد؛ دوای ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گەلە یۆنانی و لاتینییەکان پەرەی سەند. کاتێك **براوە و دۆڕاو هەمان ئاینیان هەبێت، یان کاتێك براوە** ئایینی دۆڕاوەکە وەردەگرێت، هەروەکوو سیستەمی تورکی، جیاکردنەوە لەسەر بنەمای ئایینی، زۆر ئەنجام نادرێت. **دووەم** هۆکار، تایبەتە بە داگیرکەرەکان و لەبیرچوونەوەی زمانی خۆیان. نەوەکانی کۆلڤیس و ئالریک وگۆندبۆ و ئالبوان و ڕۆلۆن زمانی ڕۆمانییان دەزانی. ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگ بوو؛ فرەنکەکان، بوگۆندییەکان، گۆتییەکان، لۆمباردەکان، نۆرماندەکان زۆر بەکەمی ژنی ڕەچەڵەکی خۆیان لەگەڵدا بوو. چەندین نەوە سەرکردەکانیان تەنیا ژنی ئەڵمانییان دەهێنا؛ بەڵام خۆشەویستەکانی تریان لاتینی بوون؛ بەخێوکەری منداڵەکانیان لاتینی بوون؛ ئەوانەی تر لە بنەماڵەکە ژنی لاتینییان دەهێنا.

زمانی فرانکی و زمانی گۆتی لەگەڵ دامەزراندنی فرانک و گۆتی لەسەر خاکی ڕۆمانەکان**[10]** تەمەنێکی کورتیان هەبوو. ئەم ڕووداوانە لە ئینگلتەرا بەو شێوەیە نەبوو، چونکە داگیرکەرە ئەنگلۆسەکسۆنەکان ژنەکانیان لەگەڵدا بوو. خەڵکی برتۆن هەڵدەهاتن و لاتینییەکان لەوێ نەمابوون. لاتینییەکان هەرگیز لە برۆتان باڵادەست نەبوون. ئەگەرچی زمانی گۆلوایەکان لە گشت وڵاتی گۆل قسەی پێ دەکرا، بەڵام کلۆڤیس و دەوروبەرەکەی، زمانی ئەڵمانییان بۆ زمانی گۆلوا بەجێ هێشت.

لەم دەرەنجامە گرنگەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەرچەندە ڕەفتاری داگیرکەرانی ئەڵمان لەڕاددەبەدەر توند بوو، بەڵام ئەو مۆدێلەی سەپاندیان، دوای چەندین سەدە، وەرگۆڕا بۆ دروستکردنی نەتەوە. فەڕەنسا، تەنیا لە ڕێگەی کەمینەیەکی فرەنکەوە، بوو بە ناوی وڵاتێك. لە سەدەی دەیەم، لە یەکەمین ئەو داستانانەی بۆ قارەمانێتی نووسراون، ئەم داستانانە ئاوێنەی ڕۆحی ئەو کاتەیە. هەموو دانیشتووانی فەڕەنسا بە فەڕەنسی ناو براون. بیرۆکەی جیاوازیی ڕەچەڵەکی، لەناو خەڵکی فەڕەنسا لە نووسینەکانی "گریگوار دی تۆر"**[11]** زۆر دەردەکەوێت، کەچی ئەم جیاوازییە بە هیچ شێوەیەك لای نووسەران و هۆزانڤانانی دواتری فەڕەنسی لە سەردەمی "هوگ کاپێ"[12] نەما. جیاوازیی خانەدان و ژێردەستەکانی، تا بڵێی باس کراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی جیاوازی لە ڕەچەڵەکیان نەکراوە. لە ئازایەتی، لە ڕەفتار، لە ڕۆشنبیری کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکەی تر گواستراوەتەوە، باسی جیاوازی کراوە؛ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە سەرچاوەی ئەم هەموو بابەتانە لە داگیرکارییەکەوە دروست بووە. ئەو سیستەمە هەڵەیە، کە دەیگوت سەرچاوەی خانەدانی ئەوەیە کە لە لایەن پاشاکانەوە دراوە بە کەسێك، بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی کە پێشکەشی نەتەوەکەی کردووە. پرۆسەیەك هەبوو، ناوی پرۆسەی "بەخانەدانکردن" بوو. ئەم سیستەمە لە سەدەی سێزدە بەولاوە، وەکوو بنەمایەکی لێ هات. هەمان پرۆسە لە دوای هەر داگیرکارییەکی نۆرمەندەکان، ئەنجام دەدرا.

بەڵام دوای نەوەیەك یان دوای دوو نەوەی تر، نۆرمەندە داگیرکەرەکان لە کەسانی ئاسایی کۆمەڵگە جیا نەدەکرانەوە؛ کاریگەریی قووڵیان نەما. نۆرمەندەکان نیشتمانە داگیرکراوەکەیان فێرە خانەدانی، ڕەفتاری سەربازی و نیشتمانپەروەری دەکرد، کە پێشتر پێیان نەدەزانی.

لەبیرکردن، یان دەتوانم ناوی بنێم هەڵەی مێژوویی، فاکتەری سەرەکیی دروستکردنی نەتەوەیە. هەر بۆیە توێژینەوە مێژووییەکان بۆ وڵاتینامە مەترسیدارن. پرسیارە مێژووییەکان ئەو توندڕەوییەت بۆ دەردەخات کە لە پشتەوەی گشت قەوارە سیاسییەکانە؛ هەروەها ئەو قەوارانەی کە لە کۆتاییدا بوونە خێر و خۆشی بۆ میللەتەکانیان. یەکبوون هەمیشە بەتوندی بووە؛ یەکگرتنی فەڕەنسای باکوور و فەڕەنسای ناوەڕاست لە ئەنجامی لەناوبردن و تیرۆرێکی بەردەوام بوو لە ماوەی سەدەیەك؛ پاشای فەڕەنسا، ئەگەر بوێرم بڵێم، ئەو کەسە بوو کە سەدەکانی ڕاگرت؛ پاشای فەڕەنسا باشترین یەکبوونی نیشتمانیی دروست کرد. ئەگەر لە نزیکەوە سەیری کەین، پاشای فەڕەنسا هەیبەتی لەدەست دا؛ پاشای فەڕەنسا نەتەوەی دروست کرد و، هەر ئەو نەتەوەیە نەفرەتی لێ کرد؛ ئەمڕۆ تەنیا ئەو کەسە ڕووناکبیرانە دەزانن، ئەو پاشایە چ بەهایەکی هەبوو و چیی کرد.

ئەو یاسا مەزنانەی ئەوروپای ڕۆژاوا، چەند هەستیارن. پاشای فەڕەنسا بە توندڕەوییەکەی و دادپەروەرییەکەیەوە کۆتایی هات و نەتەوەکەی سەر کەوت، لە کاتێکدا زۆربەی دەوڵەتان شکستیان خوارد. لەژێر سێبەری تاجی "سانت ئێتیان"[13] مەجەرییەکان و سلاڤەکان زۆر جیاواز مانەوە؛ چۆن بوون پێش هەشت سەد ساڵ هەروەکوو خۆیان مانەوە و نەگۆڕان. بۆ ئەوەی بابەتەکان زۆر تێکەڵ نەکەین، "ماڵی هابسبۆرگ"[14]جیاکاریی لە نێوانیان (سلاڤەکان و مەجەرییەکان) کرد؛ هەمیشە ئەم دوو میللەتە نەیاری یەکتر بوون[15]. لە بۆهێم[16]، چیک و ئەڵمانەکان دژی یەک بوون؛ وەك ئاو و ڕوون لە پەرداخێك ئاودا. سیاسەتی تورک بۆ جیاکردنەوەی وڵاتینامەکان لەسەر بناغەی ئایینی، کارەساتی خوڵقاند و، بووە هۆی کۆتاییهاتنی بەشی ڕۆژهەڵات[17]. نموونەی سالۆنیک یان ئەزمیر وەربگرین، پێنج شەش پێکهاتەی تێدایە[18]؛ هەر یەکەو یادگاریی تایبەت بە خۆی هەیە؛ هیچ شتێك کۆیان ناکاتەوە. بۆ دروستکردنی نەتەوە، پێویستە زۆر شت کۆیان بکاتەوە، هەروەها زۆر شتیان لەبیر چووبێتەوە. هیچ هاووڵاتییەکی فەڕەنسی نازانێت بورگۆندە، ئالانە، تایفالە یان ڤیزیگۆس چییە؛ هەموو هاووڵاتییەکی فەڕەنسی دەبێت سانت بارتێلمی و کۆمەڵکوژییەکانی ناوەڕاستی "فەڕەنسا"ی سەدەی سێزدەی لەبیر چووبێتەوە. لە فەڕەنسا، دە خێزان نییە کە بەڵگەی پێ بێت کە فرەنکیی ڕەسەنن؛ ئەگەر بەڵگەیشیان هەبێت، ئەوا دروستکراوە و ڕاست نییە. تێکەڵبوونێکی زۆری نادیار هەیە کە سیستەمی ڕەسەنناسی [جینۆلۆژی]ی شێواندووە.

کەواتە نەتەوە هاوچەرخەکان ئەنجامێکی مێژووین؛ زنجیرەیەك ڕووداوی پێکەوەگرێدراو کە هەمووی بە یەك ئاراستە ڕۆیشتووە. هەندێك جار یەکبوون لە لایەن پاشایەتییەکەوە دروست بووە، وەکوو فەڕەنسا؛ هەندێك جار بە یەکبوون لە ئەنجامی ئیرادەی هاوبەشی شارەکان دروست بووە، وەکوو هۆڵەندا، سویسرا و بەلژیکا؛ هەندێک جار یەکبوون لە ئیرادەیەکی گشتی یان لە ئەنجامی سەرکەوتنی فیۆداڵیتی دروست بووە، وەکوو ئیتاڵیا و ئەڵمانیا. لە پشت دروستبوونی ئەم قەوارانەوە هۆکارێکی سەرەکی هەبووە. زۆر جار لە کارێکی تەواو چاوەڕواننەکراوەوە دروست دەبن. بینیمان، لەم ڕۆژانەدا، ئیتاڵیا لە شکستەکانییەوە یەکی گرت و، تورکیا بە هۆی بردنەوەکەیەوە پارچەپارچە بوو. هەموو دۆڕاندنێك گەشەی بە کاروباری ئیتاڵیا دەدا؛ هەموو بردنەوەیەکی تورکیای عوسمانی، دەدۆڕاندنێکی لەگەڵ بوو؛ لەبەر ئەوەی ئیتاڵیا نەتەوەیە و، لە تورکیا ئەوەی لە دەرەوەی ئاسیای بچووکە بە نەتەوەی تورك دانانرێت. دوای شۆڕشی فەڕەنسی، یەکێك لە دەستکەوتە فەڕەنسییەکان ئەوە بوو کە ڕایان گەیاند کە نەتەوە خۆبەخۆ دروست دەبێت. بە شتێکی خراپ دای مەنێن، کاتێك میللەتێك لاساییمان بکاتەوە. بنەمای نەتەوەکان هی خۆمانە.

بەڵام نەتەوە چییە؟ بۆچی هۆڵەندا نەتەوەیە، کەچی هانۆڤەر یان دۆقی مەزنی پارما نەتەوە نین؟ چۆن

فەڕەنسا بەردەوام دەبێت لەوەی کە بە نەتەوە بمێنێتەوە، کاتێك ئەو بنەمایەی لەسەری دروست بووە، نەمێنێت؟ چۆن سویسرا، کە سێ زمانی تێدایە و دوو هەرێمە و سێ چوار ڕەچەڵەکی تێدایە نەتەوەیە، لە کاتێکدا تۆسکان بۆ نموونە زۆریش لەیەك دەچن، نەتەوە نین؟ بۆچی نەمسا دەوڵەتە، کەچی نەتەوە نییە؟ چۆن بنەمای ناسنامە لە بنەمای ڕەچەڵەک جیا بکەینەوە؟ ئەمانەی سەرەوە ئەو خاڵانەن کە دەمانەوێت باسی لێوە بکەین؛ بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی باش هەیە. پرسە جیهانییەکان بەم جۆرە بیرکردنەوانە، کەم چارەسەر دەبن؛ بەڵام ئارەزووێکمان هەیە کە عەقڵانییەتێك بخەینە ناو مەسەلەکانەوە و، ئەو ئاڵۆزکاوییەی لە بیروباوەڕەکاندا هەیە چارەسەری کەین.

[1] ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینژیەکان، ئیمپتراتۆرییەتێکی کۆن بوو و لە سەدەکانی ٨ و ٩ و ١٠، لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا لە ڕۆژاوای ئەوروپا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا حوکمی دەکرد. بە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژاوایش ناسراو بوو. ناسراوترین پاشای، ناوی "شارلمان" بوو.

[2] پارسییەکان تەواو جیاوازن لە فارسییەکان؛ پارسییەکان پەیڕەوی لە ئایینێکی نزیك لە زەردەشتییەکان دەکەن.

[3] دوو شارن لە لوبنانی ئێستا.

**[4]** فەڕەنسای کۆن و هەندێك دەوڵەتی دەوروبەر.

[5] فیۆداڵییەت = دەرەبەگایاتی.

[6]. پێیشی دەگوترا ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینژییەکان.

[7] . ڕۆژاوای ئەوروپا.

[8] تورکیای عوسمانی.

[9] واتا ئەو میللەتانە سەرەڕای باڵادەستیی تورك لە ماوەی چەندین سەدە، هەروەکوو خۆیان ماونەتەوە و نەبوون بە میللەتێکی تر.

[10] ڕۆمان و لاتینی یەك شتە.

[11] مێژوونوسێکی کۆنە، کە لە سەدەی شەشەم لە فەڕەنسای ئێستا ژیاوە.

[12] پاشایەکی فرەنکە، لە سەدەی دەیەم ژیاوە.

[13]. پاشای هەنگارییەکان لە سەدەی یازدە.

[14]. بنەماڵەیەک بوون لە نێوان (١٤٥٢- ١٧٤٠)دا حوکمی ئیمپراتۆرییەتی "پیرۆزی ڕۆمانی-ئەڵمانی"یان دەکرد.

[15] . شایەنی گوتنە ماڵی پاشای هابسبۆرگەکان، نە سلاڤ بوو و نە مەجەری بوون؛ بنەماڵەیەکی باڤاری بوون.

[16]. بۆهێم، وڵاتی چیکی ئێستایە.

[17]. وا دیارە دەیەوێت بڵێت کۆتاییهاتنی کلێسەی کاسۆلێکی ڕۆژهەڵات.

[18]. ئێستا بەم شێوەیە نەماوە.